# * دوو دەستی پڕ لە دوکەڵ *

عەبدولڵا سلێمان(مەشخەڵ)
abdullahmashkhal@yahoo.ca



بەباڵە فەرزەندەییەکانی چ حیکمەتێك گەڕایتەوە
کە تۆ زەمەن هەڵی لوشیت و
تەسلیمی مەرگی کردبووی ؟
چ جادوویەکت لەزەمەن کردو،
خۆت خزاندە نێو پێچە پڕ لەنهێنییەکانی ژیان؟
تەنها بۆ ماچ و لەباوەشگرتنێکی دایکم
کە موددەتێکە لەچاوەڕوانی ئەم ژووانەدا
خەریکی هۆنینەوەی بسکی درێژی قەسیدەیەك بوو!
دایکم...هەر لەگەڵ دەرکەوتنی دەموچاوە پڕ لەنوورەکەت
وەك عاشقێکی گڕگرتوو،
خۆی فڕێدایە نێو جیهانی پڕ تەلیسمی باوەشتەوە.
تۆش گوشیت..توند گوشیت..وەك ئەوەی یەکەم ژوانتان بێت
دەستیت گرت و بردت ..بردت..بردت
تا چوونە دەروازەی ئەم سڕەی کە پێی دەڵێن ((مەرگ)).

**{باوکم کە مرد،هەستم بەهەتیوی و تەنیاییەکی لەڕادەبەدەر کرد.بەڵام بەمردنی دایکم هەستم بەنەمانی حەنینێکی زۆر مەزن کرد}**

دەستێکم پڕ لەدوکەڵە و
ئەویتریشیان پڕ لەهەور
لەسەر گۆڕی پرسیارێکدا خەریکم دوایین سورەتی ماڵئاوایی ئەخوێنم.
خەریکم دوایین قەسیدەم ئەنێمە نێو قەبرەوە.
ئەمە سەفەری چیرۆکی بێکۆتایی هەستە
چیرۆکی سەفەری بێکۆتایی خۆشەویستی و ترسە
کۆتایی سەفەری ماچە
سەفەری کۆتایی شیعرێکی عاشقە
کەهیچ خودا و پێغەمبەرێك نەیانتوانی چۆکی عەشقی پێدابدەن!

من دوو مۆمی داگیرساوم لەژوور سەری هەلاڵەیەک
تەسلیم بە ڕەشەبایەک کرد
من مەشخەڵێک لەمیهرەبانیم دا بە خاک
من ڕوبارێک خۆشەویستیم لێ وون بوە و
دڵنیام لەوەی جارێکی تر نە سەفەر و
نە ماچی پڕڕ لەئەڤین و
نەترس و نەخوا و نەعەشق ئەیدۆزنەوە و
نەکۆلانە پڕ لە ڕوداو و کارەساتە گەورەکان ئەیناسنەوە.
ئەم هەفتەیە پەنجەرەیەک لە ئەوینم خستە بەردەم باڵندەکانی غوربەتم
من گەلایەک لەگومان و
من درەختێک لە باران و
دارستانێک لەنهێنیم تیا شاردەوە.
نهێنی گەڕان بەدووی هەور و خۆ وونکردن لەنێو دوکەڵ
نهێنی هەست بەئەمان کردن لەنێو قەبر
نهێنی بوون بە پێغەمبەر و یاری کردن بەعەشق
نهێنی بوون بەشاعیر و گرتنی ((girl friend)) لە دەریا.
ئاییی..مردن جەللادی سەرجەم خەونەکانە
مردن کۆتایی خوێندنەوەی شیعر و
جەنگە لەدژی گوناهەکان
مردن ناشیرینترین ئاکاری سروشتە و ...بمرێ مردن!.

2005-04-14
ڤانکۆڤەر/کەنەدا

تێبینی/مەبەست لە ((girl friend)) گرتنی کچی هاوڕێیە وەک خۆشەویست و دڵدار.